# بانگەوازی هێزەسیاسیەکانی کوردستانی و کۆڕوکۆمەڵە دیموکڕاتیەکان و کەسایەتیە نیشتمان پەروەرەکان بۆ ڕای گشتی

بۆ داکۆکی کردن لە ڕاپەرینی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وبۆ تاوانبار کردن و بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕەفتارە دیکتاتۆریەکانی دژ بە خەباتی ڕەوای کورد لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانی خۆیدا ، هەروەها بۆ نارەزای دەربرین بەرامبەر بە بێدەنگی دەوڵەت و میدیا گشتیەکانی ئەڵمانیا لە ئاستی کردەوە خوێناویەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕۆژی 13.08.2005 کوردستانیەکان لە بەردەرگای پارلمانی هەرێمی NRW (نۆردڕاینڤیستڤاڵن) لە شاری Düsseldorf (دوسڵدۆرف) خۆپێشاندانێکی جەماوەری پێک دێنن. کاتژمێری 2ی پاش نیوەڕۆ لەبەر دەرگای پارلمان واتە Landtag کۆدەبینەوە و لە کاتژمێری 3ی پاش نیوەڕۆ بە شێوەی ڕێپێوان بەرەو نێو شاری دوسلدۆرفبەرێدەکەوین و لە Burgplatz(بورگ پلاتس) کۆدەبینەوە .
بۆئەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران لەبەرانبەر سەرکوتی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بێ پشت و پەنا نەمێننەوە، ئەرکی سەرشانی هەموو ئازادیخوازێکی ئێرانی و هەموو کوردێکی نیشتمان پەروەرە کە لەو خۆپێشاندانە دا بەشداری بکا .

تێبینی: باس (Bus) ئامادەکراوە بۆ بردن و هێنانەوەی خۆپیشاندەران. شوێنی وەستانی باسەکە: ئۆستهایم(Ostheim) ، Gernsheimer Strasse لە شاری کۆڵن(Köln) . باسەکە کات ژمێری 12ی نیوەڕۆ وەڕێ دەکەوێت. تکایە ئەو کەسانەی دێن بەم ژمارە تەلەفۆنانە تا ڕۆژی جومعە ئاگادارمان بکەنەوە:
0179 3208254,0179 7042590,0162 5930457

بە ڕێزوحورمەتەوە:

1. هاوکاری
2. حیزبی دیموکراتی کورردستانی ئێران
3. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
4. کۆمکار
5. حەق پار
6. ماڵی کوردوئاڵمان
7. کۆمەڵەی کوردەکانی دەرەوەی وڵات(کۆمەڵ)
8. مەڵبەندی کولتوری کوردی ئاڵمانیا
9. کەسایەتییە سەربەخۆونیشتمان پەروەرەکان

---

کات و شوێنی خۆپێشاندانەکە :

**13.08.2005 Um 14.$^{00}$ bis18.$^{00}$**
**Landtag NRW**
**Platz des Landtags**
**40221 Düsseldorf**

---

**Mit Zug:**
**Düsseldorf H.B.H mit den Bahnlinien : 704,709,719 bis Haltestelle Landtag**